Middle East Research Institute

www.meri-k.org

٢٨ ئابی ٢٠١٧

دیمانە لەگەڵ ڕووداو * دلاوەر عەلائەدین

# گشتپرسی و دەوڵەت سازی

*ریفراندۆم هەنگاوێکی گرنگی نیشتیمانیە و قۆناخێکە لە کاروانی بەدەوڵەتبوون. پێویستی بە داڕێژتنی ستراتیژ و نەخشەڕێگایەکە بەپێی زانست و هونەری سەردەم.*

**فشارەکان لەسەر سەرکردەکانی هەرێم بۆ دواخستنی ریفراندۆم وا زیاد دەبن. بەڕای تۆ، وەک ئەکادیمیەکی چاودێر، دوابخرێ؟**

ریفراندۆم هەنگاوێکی گرنگی نیشتیمانیە و ناکرێ بە ئاسانی مامەلەی لەگەڵدا بکرێ. بە دیاریکردنی وادەکەی، ئەوا هەرێم خۆی بە هەڵوێستێکی مەعنەوی و سیاسی گرێداوە. ئەگەر جارێ وا زوو و بەبێ بەرابەر دەست لەو بڕیارە هەڵبگرێ ئەوا بە دەستبەتاڵی لێی دەردەچێ. بەڵام ئەگەر پێویست بوو بە دواخستن، ئەوا رەنگە بەرژەوەندی نیشتمانیی تێدا بێ.

**بەرابەرەکان دەبێ چی بن؟**

خواستەکانی هەرێم هەمەجۆرن. رەنگە ئاسانترینیان ئەوە بێ کە ریفراندۆم هەتا دوای هەلبژاردنەکانی عێراق دوابخرێ و دوای ئەوە بە پاڵپشتی و چاودێریەتی عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجام بدرێ. ئەوە دەرفەت دەداتە سەرکردایەتی هەرێم ئامادەسازی ناوەکی و دەرەکی زیاتریش بکات و زەمینەیەکی لە ئێستا گونجاوتر لە ناوەوەی هەرێم و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم برەخسێنێ. رەنگە پرۆسەی هەڵبژاردنی گشتی ناو هەرێم ببێتە هۆکارێک بۆ رێکخستنەوەی ناوماڵی هەرێم و گوڕێکی نوێش بە لۆبی دەرەکی بدات.

**ئەی ئەگەر حکومەتی عێراق بەوە رازی نەبێ و داوای ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە بکات؟**

ئەڵتەرناتیڤی دیکە هەن و دەکرێ رەچاو بکرێن. بۆ نموونە: لە ئێستادا هەرێم کۆمەڵێک دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و ئەمنی پەیدا کردووە و لە چەندین لاوە مومارەسەی رۆڵی سیادیی دەکات کە لەو چوارچێوەیە فراوانترە کە فیدرالیەت و دەستوور رێگەیان پێداوە. واتە ئێستا هەرێم وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ رەفتار دەکات. هاوکات پێشمەرگە کۆنترۆڵی بەسەر زۆر لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم و سامانە نەوتیەکان هەیە. ئەگەر بەغدا بە بەفەرمی و بەپێی رێکەوتننامەیەکی نوێ دان بە سەرجەم ئەوانەدا بنێ، ئەوا ماددەی ١٤٠ جێبەجێ دەبێ و کوردستانی عێراق وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆی لێ دێت بەلام بە بۆندێکی لاوازی کۆنفیدرالیەوە بە عێراق دەبەسترێتەوە. لە ئایندەشدا توانای جیابوونەوەی ئاسانتر و بێ سەرئێشەتریش دەبێ. لە ئینستیتیوتی مێری ئەو باسەمان لەگەل پسپۆڕ و دیپلۆماتی ئێرانی و ئەمەریکی و ئەورووپایی کردووە و بەلای هەموویانەوە ئەو جۆرە رێکەوتنە شایستەی رەچاوکردنە.

**پێت وایە ئەنجامدانی ریفراندۆم بەبێ کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان شەرعی دەبێت؟**

*سەرۆکی ئینستیتیوتی رۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ توێژینەوە، دریم سیتی، هەرێمی کوردستان، عێراق

ریفراندۆم جۆرێکە لە راپرسی کە دەکرێ فەرمی بێ وەیان نافەرمی، وە سەرکردایەتی سیاسی دەتوانێ پێوەی پابەند بێ وەیان پابەند نەبێ. دەکرێ ریفراندۆم بکرێتە پێشخانێک بۆ دەسپێکردنی پرۆسەی سەربەخۆیی و دەشکرێ دەوڵەت بەبێ ریفراندۆم رابگەیەندرێ. بەڵام باشترە ریفراندۆم پاڵپشتی سیاسی و یاسایی و حوکمرانی لەگەڵدا بێ. خۆ ئەگەر بتەوێ حکومەت لە رووی یاساییەوە پابەندی دەرەنجامەکەی بێ ئەوا پێویست بەوە دەکات بە یاسایەک لە پەرلەمانەوە پشتگیری لێ بکرێ. لە حاڵەتی ئێستاشدا، کاراکردنەوەی پەرلەمان، سەرباری ئەوەی کە بۆ چارەسەری کێشەکان و گەڕاندنەوەی متمانە بە سیستەمی حکومڕانی زۆر پێویستە، بۆ ریفراندۆمیش پێویستە تاوەکو لە رووی مەعنەوی و سیاسیەوە پەیامی دەرەنجامەکەی لاواز نەبێ.

**تاچەند پێت وایە زەمینە سازی و ئامادەکاری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ ریفراندۆم کراوە؟**

زەمینەسازی بۆ سەربەخۆیی دەیان ساڵە کراوە، بەڵام بەپێی دیزانێکی مەدروس نەبووە.  بۆ ریفراندۆمیش، زەمینەسازی زۆر بە کەمیی و بە درەنگیەوە کراوە، ئەوەش بە هۆکاری بارودۆخی سیاسی و ئەمنی و ئابووری ئێستای هەرێم. ئێستاش دەکرێ هەنگاوی جیددی بە پێی نەخشەرێگایەکی مەدروسەوە بنرێت بۆ ئەوەی قەرەبووی رابوردوو بکرێتەوە. ئەو کەمپەینە کارێکی زۆر مەزن و ئاڵۆزە، زۆر هەڵدەگرێ و پێویستی بە بیرکردنەوە و کاری بێوچانە.

**لە ئاستی جیهانیدا چی دەکرێ کە هێشتا نەکراوە؟ بەڕێزت ماوەیەکی زۆر خەریکی لۆبی کردن بووی بۆ دەوڵەتی کوردی و رۆڵێکی گرنگتان لە گۆڕینی بڕیاری بەریتانی و ئەمەریکیدا بینی بۆ دامەزراندنی ناوچەی ئارام لە ١٩٩١ کە دواتر لە سایەیدا حکومەت و پەرلەمانی هەرێم دامەزران. لەو کاتەی ئێستادا کە بەرەو ریفراندۆم دەچین لۆبی کوردی لە چی ئاستێکدایە؟**

کاریگەریی لۆبیکردن لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەقەدەر بزوتنەوەی چەکدارە، ئەگەر زیاتریش نەبێ.  لە پایتەختە کاریگەرەکاندا چارەنووسی میللەتان و نەخشەی سیاسی جیهان دیاری دەکرێ. ئەوەی ئێمەی کورد هەتا ئێستا کردوومانە بەرچاو بووە و کاری زۆر باش کراوە بەڵام لە چاو بەربەستەکان و مەزنێتی دۆزەکەمان، کەم کراوە و پێویستیمان بە زیاترە.  بۆ نموونە، گۆڕینی بڕیاری زلهێزەکان پێویستی بە دوو جۆرە هەڵمەت هەیە. یەکیان بۆ ئەوەیە لە نێو خودی ئیدارەی حکومەت و دامەزراوەکانی حوکمڕانیەوە کار بکەیتە سەر جۆری بیرکردنەوەی بڕیاردەران و داڕێژەرانی سیاسات لەو وڵاتانە.  لەنێو سەنتەری دیراساتی ستراتیژی و میدیا و توێژی رۆشنبیر و بیزنیسدا دۆست زیاد بکەی و نەیار کەمبکەیەوە.  لەو بارەیەوە هەوڵی زۆر دراوە بەتایبەتی لە لایەن نوێنەرانی حکومەت و هەندێ رێکخراوی ناحکومیەوە.  بەلام توانا و چوارچێوەی کاری ئەوانە سنووردار بووە و زۆرجاریش شێوازی حیزبی بەسەریاندا زاڵ بووە.

دووەمین کەمپەین بۆ ئەوەیە فشار بخەیتە حکومەت و سیاسەتمەدارە هەلبژێردراوەکان لە ئاستی لۆکالی و بازنەکانی هەڵبژاردنەوە.  لەوەدا کوردستان پێویستی بە لەشکری کوردی هەندەرانە کە لە هەموو قوژبنێکی ولاتەکە بکەونە کاری لۆبیکردن.  خۆشبەختانە لە سەرجەم وڵاتە گرنگەکان خەڵکی هوشیار و زمانزانمان هەن کە پرۆفێشناڵن و هەڵگری رەگەزنامەی ئەو وڵاتانەن و خاوەنماڵن.  بەڵام ئێمە هێشتا سوودمان بەپێی پێویست لەوانە وەرنەگرتووە و رۆڵی ئەوانمان بەگەڕ نەخستووە، بگرە زۆرینەی ئەوانە لە حکومەت و لایەنە سیاسیەکانی هەرێم زویرن و لە لاوازیەتی سیستەمی حکومڕانی و دیاردەی گەندەڵی زۆر نیگەرانن.  بە لامەوە، کوردی هەندەران گەورەترین بەها و کرێدیت (رەسید)ی وڵاتەکەمانن لە دەرەوە و پێویستە بکرێنە بەشێک لە هەرێم و خۆیان بە خاوەنی بزانن.  ئەو ئەرکەش لە ئەستۆی حکومەت و سەرکردایەتی سیاسی کوردیدایە.

**ئەگەر هاتوو لەکاتی دیارکراودا ریفراندۆم ئەنجام بدرێت، پێشبینی دەکەیت کە وڵاتانی دەوروبەر کێشەی سەربازیی، بازرگانی وەیان هی تر بۆ هەرێم دروست بکەن؟**

هەتا هەرێم خاوەنی دەوروبەراوسێی توندوڕەق بێ، کە پەنا ببەنە بەر ئامرازی ئەمنی و سەربازیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەوا دەبێ سەرکردایەتی سیاسی هەمیشە ئاگای لەخۆی بێ.  واتە هیچ دیاردە و بڕیارێکی توندڕەوانە لەو دەوروبەرەدا ئەستەم نیە، بەلام بەپێی واقیع و زروفی ئێستا و ئەقلیەتی حوکمڕانی ئیمڕۆی بەغدا و تەهران و ئەنکەرە، ئەو جۆرە ئەگەرانە کەمترن لەوەی خەڵک لێیان دەترسێ، چونکە بەکارهێنانی بازوو ئامرازێکی زۆر لاوازە و ئامانجی ئەو وڵاتانە بەدی ناهێنێ. بۆ نموونە، جولاندنی حەشدی شەعبی وەیان پەلهاویشتنی ئێران

و تورکیا بۆ سەر هەرێم دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانێکی دیکە کە دۆخە شلەقاوەکەی عێراق و ناوچەکە هەندەی دیکە دەشلەقێنێ و کەس نازانێ کۆتاییەکەی بەکوێ دەگات. بۆیەش لە ئێستادا هەوڵی دراوسێکان ئەوەیە کە پێشوەخت رێگە لە ریفراندۆم بگرن، بەڵام بەدوور نازاندرێ کە دوای ئەنجامدانی هەوڵدەن بە ناراستەوخۆ (بۆ لاوازکردن یان پشتگوێخستن) کار لەسەر رەوتی سەربەخۆیی هەرێم بکەن.

**لە ئاستی ناوەکیشدا کێشە زۆرن. پێشوازی نەکردنی خەڵکی کوردستان وەک پێویست بۆ ریفراندۆم، بۆ چی دەگەڕێنیەوە؟**

بەلای خەڵکەوە کێشەکە لە بەڵێ و نەخێر نیە، لە وادەی ئەنجامدانەکەشی نیە بەڵکو لەبەر هۆکاری سیاسی و ئابووری و حکومڕانیە، کە بنچینەی هەمووشیان دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیەتی سیستەمی حکومڕانی لە هەرێم و لاوازیەتی لە جێبەجێکردنی یاسا و یەکسان نەبوونی دەرفەتەکان و لاوازیەتی لە ئیدارەی ململانێکان و قەیرانەکان بە تایبەتی قەیرانی دارایی و مووچە. ئەو جۆرە لاوازیانە کێشەی درێژخایەنن و ئەگەر چارەسەر نەکرێن کۆمەڵگاکانی هەرێم بەردەوام لێک دەترازێن و ئەرکە نیشتیمانیەکانی وەک سەربەخۆییش دەبنە قوربانی ململانێیەکان.

**پێت وایە بۆچی هەندێ لە لایەنە سیاسیەکانی ناو هەرێم دژایەتی ریفراندۆم دەکەن؟**

تا ئێستا هیچ لایەنێکی سیاسی دژایەتی ریفراندۆمی نەکردووە، بەڵام رای جیاوازیان سەبارەت بە زەمینە و کاتی ئەنجام دان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پرۆسەکە دەربڕیوە. زۆربەیان بە قەناعەتەوە رایان وایە کە کاتەکەی گونجاو نیە چونکە لە ڕووی سیاسیەوە هەرێم لکێترازاوە و کێشەکانی سیستەمی حوکمڕانی هەڵپەسێردراون. دیارە کە ئەنجامدانی ریفراندۆم بەم شێوازە و بەو حاڵەتەی ئێستا بە مەترسیدار دەزانن لەسەر خودی هەرێم و ناوچەکە، بە تایبەتی ئەگەر خەڵکی کوردستان لەسەر ئەو پرۆسە نیشتیمانیە یەکدەنگ نەبن.

بۆچوونی بەرامبەریش ئەوەیە کە کێشەکانی هەرێم ئاڵۆزن و رەنگە جارێ وا بەخێرایی و بەئاسانی ناوماڵ تەرتیب نەبێتەوە. لەو نێوەشدا کات خێرا تێدەپەڕێ و دوورنیە لە ئەو سۆزەی ئێستا بۆ پێشمەرگە هەیە و ئەو پاڵپشتێتیە نێودەوڵەتیە وەک خۆی نەمێنێ. پرسی ریفراندۆم دەری خست کە زۆربەی هێزە جیهانیەکان وەک هی ئیقلیمیەکان زیاتر عێراق پارێز و پرۆ عێراقن. رەنگە لە دوای داعش هەروەک سەردەمی پێش داعش خۆیان دوورەپەرێز بگرن و خواست و نیگەرانیەکانی هەرێم پشتگوێ بخەن.

**رات چیە بەوانەی کە داوا دەکەن خەڵک بە نەخێر دەنگ بدات؟**

لە دیموکراسیدا، مافی دەنگدەرانە کە دەنگ بەو جۆرە بدەن کە خۆیان بە راستی دەزانن. دەنگدان بۆیە نهێنیە تا رەنگدانەوەی قەناعاتی دەنگدەر بێ، کە ئەوەش مافێکی مرۆڤە. ریفراندۆم پرۆسەیەکی دیموکراسیە و دەبێ رێز لە رای دەنگدەران بگیردرێت، جا بە (نەخێر) یان بە (بەڵێ). دیارە لە سەر سندووقەکاندا دوو بژاردە دەخرێنە بەردەم دەنگدەران و دەبێ هەردووکیان قەبوڵ بکرێن بەبێ ئەوەی هیچ لایەنێک مافی ئەوەی هەبێ تانە لە بژاردەی بەرامبەر بدات.

**ئەگەر هاتوو وەڵامی ریفراندۆم ئەنجامێکی دڵخۆشکەر نەبێت هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسیی چی دەبێت؟**

پێویستە پرسیارەکە ئەوە بێت ئایا دەکرێ ریفراندۆم ئەنجام بدرێت بەبێ ئەوەی دەرەنجامە پۆزەتیڤەکەی زامین بکرێت؟ ئەگەر سەرکردایەتی هەرێم دڵنیا نەبوو لەوەی زۆرینەی رەها دەنگ بە (بەڵێ) دەدات، باشترە سەبری لێ بگرێ چونکە دەرچوون بە رێژەی کەم کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر پرۆسەی سەربەخۆیی دەبێت. لە رووی سیاسی و مەعنەویەوە برینەکەی بۆ دەیان ساڵ دەمێنێ و نەیارانی هەرێمیش دەنگیان لە ئێستا زوڵاڵتر دەبێ.

**ئەگەر ریفراندۆم نەکرا یاخود دواخرا، بە شکستێکی گەورە دادەنرێت؟**

نەخێر، چونکە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بەردەوام دەبێ و دەیان ئامراز و شێواز و دەرفەتی دیکە لە ئایندەدا دەڕەخسێندرێن.

**لە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم لەکاتی دیاری کراودا، هەڵوێستی دواتری سەرکردایەتی سیاسی کوردی چی بێت باشە؟**

ئەنجامدانی ریفراندۆم یەکەم هەنگاوی کاروانێکی دوور و درێژی سەربەخۆییە، ئەرکە قورس و ئاڵۆزەکە لەدوای ریفراندۆم دەست پێ دەکات. ئەگەر ریفراندۆم ئەنجام بدرێ، دواتر ناکرێ دەرەنجامەکەی تەنیا وەک وەرەقەیەک بۆ دەستکەوتی هەنووکەیی بەکار بێت و پاشان هەڵپەسێردرێت، بەڵکو دەبێ ببێتە دەستپێکی پرۆسەیەک کە کۆتاییەکەی بە سەربەخۆیی بێت. لەوەشدا هەرێم پێویستی بە بەکارهێنانی

زانست و هونەری دەوڵەتسازی و دامەزراندنی کۆڵەگە سەرەکیەکان دەبێ. دەبێ لە چەندین تەوەرەوە هەڵمەتی نەپساوە بکات و بەرنامە بۆ دامەزراوەکانی وڵات دابرێژێ تا لە هەموو بەرەیەکدا هەنگاو بۆ چەسپاندنی بناغەی دەوڵەتێکی سەقامگیر بهاوێ.

**پێت وایە ئەو زانست و هونەرە بەکار هێنراون وەیان دەکرێت وازوو بە پێی پێویست بەکار بێن؟**

لە پێشتردا کاری باش کراون، بەلام بە گشتی هەرێم لەو ڕووەوە تا ڕادەیەک لاوازە. هەڵبەتە نەچووە بچێ، دەکرێ بە گوڕێکی نوێ و ئیمکاناتی دارایی تێروتەسەلەوە کار لەسەر نەخشەڕێگای دەوڵەتسازیی بکرێ. پێویستە ئەولەویەتێکی لوتکەیی بدرێتە ئەو بابەتە و ڕۆڵی ئەکادیمیەکانیش لەوەدا بەگەڕ بخرێ.

**ئێوەش وەک ئینستیتیوتی مێری چ ڕۆڵێک دەتوانن لەوەدا ببینن؟**

ئینستیتیوتی مێری بۆ ئەوە دروستبووە کەلێنێکی گرنگ لە بواری دیراساتی ستراتیژی پڕ بکاتەوە و هاوکاری داڕێژەرانی سیاسات وبڕیاردەران بکات بۆ دروستکردنی ڕوانگەی درێژخایەن و نەخشەرێگای عەمەلی، بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی نیشتیمانسازی و دەوڵەتسازی، بۆ چەسپاندن و تۆکمەکردنی سیستەمی حوکمڕانی دروست و سەروەرکردنی یاسا. هاوکات، تۆڕی پەیوەندیەکانی ئینستیتوتی مێری لە نێو دامەزراوە ئەکادیمی و (ثینک تانک)ەکانی جیهاندا زۆر بەربلاو و کاریگەرە. بۆیە ئینسیتیتوت لە بواری لۆبی دەرەکیدا ڕۆڵی خۆی لە کارتێکردنی بڕیاری هێزە جیهانیەکان بینیوە، ئەویش نەک وەک بەرگری کە لە حکومەت وەیان حیزبە سیاسیەکان بەڵکو لە دۆزی خەڵک و بەرگری لە مافی مرۆڤ و بۆ سەقامگیر کردن و تۆکمە کردنی سیستەمی حوکمڕانی.

**باشە لە مەسەلەی بەڵێ یان نەخێر، هەلوێستی ئینستیتیوتی مێری چیە؟**

ئینستیتیوت دامەزراوەیەکی ئەکادیمیە، هەروەک زانکۆیەکان، کە پێویستە چاودێر بێ و بێلایەنێتی خۆی بپارێزێ و بۆی نیە هەلوێستی هەبێ. مێری دەتوانێ لە ڕێگەی توێژینەوە و بیرکردنەوەدا هاوکاربێ و ڕاوێژ پێشکەش بکات. واتە کەی پرسی پێ کرا بە بەڵگە و شیکردنەوەی ئەکادیمیانە وەلام دەداتەوە بەبێ ئەوەی نوێنەرایەتی جەمسەرێک لە جەمسەرەکان بکات.

**ئەدی بەرێزت وەک د. دلاوەر هەڵوێستی خۆت چیە؟**

بێگومان بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم لەدەستی مندا نیە، بەڵکو لەدەستی بڕیاردەرانی هەرێمە. ئەگەر پرس بەبەندە کرابوایە، ڕای خۆم لەسەر کاتوسات و چۆنیەتی ئەنجامدان و زەمینەسازیەکەی دەدا و ڕەنگە یەکێک لەوانە دەبووم کە داوای سەبرگرتن و زەمینەسازی ناوەکی باشترم دەکرد، وە لە داڕێژتنی بەرنامە و نەخشەرێگاکانیشدا هاوکاری سەرجەم لایەنەکانم دەکرد. لەبیرت نەچێ، بەندە بە درێژایی تەمەن کاری لۆبیم بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی کردووە و چاوەڕێم ئەو خەونە لە ژیانمدا بێتە دی، بۆیەش ئەگەر بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم هەتاسەر بەردەوام بێ ئەوا لە ڕۆژی خۆیدا دەچمە سەر سندوق و وەک دلاوەر بە (بەڵێ) دەنگ دەدەم، ئەوەش بەو چاوەڕوانیەی کە لەوێ بەدواوە بە هیممەتی هەموولایەک بە دەستەجەمعی گوڕ بە پرۆسەی نیشتیمانسازی و دەوڵەتسازی دەدرێ، و بەندەش بەگەشبینیەوە بەشداری تێدا دەکات.